# لەدایک بوونی سەختی فیدرالیەت لەعێراقدا

ن/ فالح عەبدولجەبار
و/ ڕۆشنا ئەحمەد

یەك نەوەی تەواو لەعێراقدا، بگرە لەناوچەکەدا، ووشەی فیدرالیەتی نەبیستووە، دیارە نەوەکەی من لەکاتی جەژنی شۆڕشی تەمموز (١٩٥٨)داو ئەو دەمەی منداڵ بووین لەقوتابخانەی سەرەتایی ڕوبەڕووی بوینەوە، ئەو کاتە عێراق بۆ هەردوو تەوژمی چەپڕەوو تەوژمی نەتەوەیی دابەشکرا، هێزە نێوەندەکەیان بزربوو، دابەشکردنەکە لەوەدا بەدەرکەوت کە تەوژمی نەتەوەیی دروشمی (یەکێتی عەرەبی) خێراو ڕەها کاملی بەرزدەکردەوەو تەوژمی چەپڕەویش دروشمێکی پێچەوانەی بەرزکردەوە: یەکێتی فیدراڵی، هاوڕێیەتی سۆڤییەتی! ئەو کاتە لەووشەی فیدرالیەت تێنەدەگەیشتمو تا چەند دەیەیەك دوای ئەوەش هەر حاڵی نەبووم، لەو بڕوایەدام حاڵی نەوەی لاوان لەعێراقدا وەك حاڵی نەوەی ئەو کاتەیە: وشە شاراوە بریقەدارەکان کە خوێن ڕشتن دەوری داوە.

گرفتەکە لەعێراقداو هەروەها لەدەرەوەی، ئەوەیە کە یەك نەوەی تەواو ناچار بووە لەدەریای چەند ساڵی ڕابردوودا نەزانینو بێدەنگی ببڕێت تا بگاتە ڕۆشنبیریەکی سیاسی کراوە بەسەر چەمكو گوتەکانی پێشتر کە نەیبیستووە.

لەوە زیاتر، ئاوازەکانی ڕاگەیاندنی گەردوونی لەدرێژبوونەوەیدا، هێشتا لەنزمترین ئاستی بیرکردنەوەیدایە بەپسپۆڕەکانیەوە کە توانای شیکردنەوەی) چەمکەکانیان نیە، یان بەڕوونی دیارییان بکەن، جا چ لەبیستنی قسەی (پسپۆڕان) لەکەناڵە عەرەبیەکاندا.

ئەمڕۆ جەنگی فیدرالیەت سەر لەنوێ لەنێوان بونیادنەرانی عێراقی دوای سەدام وەردەگیرێتەوە پێشی جەنگی ٢٠٠٣ بە دە ساڵو نیو فیدرالیەت لەدروستکاری کوردی بوو، یان بڵێ پەرەپێدانێکی کوردی بوو بەخواستی ئۆتۆنۆمی کە دانی پێدا نراوە، گەرچی بەشێوەش بێت لەدەستوری عێراقی کۆندا، مەسەلەی کوردیش بابەتێکی جێگیربوو لەجیهانی سیاسی عێراقیدا بەچاكو خراپەوە، لەبەر ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە کوردەکان پەرە بەداواکەیان بدەن کە بەشێوەیەکی ڕەسمی ١٩٧٠ بڕیاری لەسەردرا، تاوەکو بەرزی بکەنەوە بۆ پێگەی فیدراڵی.

بیرۆکەی فیدرالیەت پێشنیارێکەو یەکێك لەسەرکردە چەپڕەوەکان خستویەتیە ڕوو کە عەرەبێکی شیعی مەزهەبە لەداواو نامەیەکیدا بۆ بەڕێز مەسعود بەرزانی، وەڵامدانەوەیەکی گەرمی بەخۆوە بینی.

ئەوە لەساڵی ١٩٩١ دا بوو، ئەو ڕۆژەی سەرۆکی دیکتاتۆر سەدام حسێن بەڕێوەبەرێتی لەکوردستانی عێراق پاشەکشە پێکردو (ئاڵای داگرت)و خۆراکی لێ بڕین بە داهاتو سوتەمەنیەوە، کوردەکان بەدروستکردنی بەڕێوەبەرێتیەك وەڵامیان دایەوە کە بۆ حکومەت بەپێگەیەکی ڕێگە لە (حاکم) دەگرێت کاری دادگایی یان یاسادانان بکات، لەوەوە کە ئەمڕۆ بەناوی "پێکدادانی بەرژەوەندییەکان" دەناسرێت، چونکە بەرژەوەندی حاکم وەك خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ڕەنگە لەگەڵ بەرژەوەندییەکەیدا وەك دادوەر




ئاشکراوە گۆڕا: ئامرازی بەڕێوەبردن، پەرلەمان، پۆلیس، ئاسایش، پاسەوان، سنورو سوپا، هەروەها گومرگی تایبەتی دروست کرد بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلە پێویستیەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ، ئەوەی لەدەوڵەتی کوردی کەم بوو، دان هێنانی ڕەسمی بوو، وە ئاڵوگۆڕی دیبلۆماسییانە.

ئەمە دروستبوونی فیدرالیەتە لەعێراقدا، ئەویش فیدرالیەتێکە کە مۆرکی نەتەوەیی هەیەو دەیەوێت دەسەڵاتەکان لەنێو حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمدا بەڕوونی دابەش بکات، هەروەها دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بەئامانجی یەکگرتنی وڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە، چونکە تێچوونی پاراستنی یەکێتی بەئامڕازە سەربازییەکان زۆر زۆرە، تەنانەت بۆ ئەو وڵاتەی نەوتی هەیە، بێجگە لەوەی لەڕووی سیاسیەوە کورت بینەو لەڕووی مرۆییەوە وێرانکارە، وەك ئەوەی بێهودەییو بێ پیتو فەڕە بۆ ماوەیەکی درێژ.

فیدرالیەت لەجیهانی خۆرئاوادا سەدەی هەژدە داهێنرا، بەتایبەتیش لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا، بەجۆرێك کە سیاسەتناسان بەوردی لە (پەڕە فیدرالیەکان) دەتوێژنەوە، ئەوەی جیمس مادیسۆن داینا، باوکی فیدرالیەتی هاوچەرخ، هەر لەو کاتەوە فیدرالیەت تێکڕای جیهانی گرتەوە، بەجۆرێك ئەمڕۆ لە ٢٢ وڵاتدا هەیە یان زیاتر کە چارەسەری فیدرالییان بەلاوە باشە.

کۆمەڵناسو هزرمەندی فەڕەنسی (مۆنتیسیکۆ) پرەنسیپێکی باڵای لەپرنسیپەکانی حوکم کردن خستەڕوو، ئەویش دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، کە نەگونجێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو خۆی لایەنێکی ناکۆکی دارایی یان تاوان بێت.

بەریتانیا پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی داهێنا لەئەنجامی ئاژاوەو جەنگەکان کە نەیدەزانی کاریگەریەکەی چییە، بەڵام فەڕەنسا تاقیکردنەوەکەی لەتیۆریو پرەنسیپەکاندا داڕشت، ئەم تیۆرییانەش بۆ تاقیکردنەوە گۆڕان کە هەموو جیهانی نویی گرتەوە.

بەڵام دابەشکردنی دەسەڵاتی کلاسیکی بەس نەبوو، ئا لێرەدا داهێنانی فیدرالیەت ئاوازێکی زیاتر بوو بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان نێوەندو لایەنەکاندا، ئەم جۆرە ڕێکخستنە بووە هۆی دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ پەرلەمانێك بۆ هەموو میللەت، وە بۆ ئەنجومەنەکان بۆ نواندنی هەرێمو ویلایەتەکان، سەرەڕای ئەمەش هەر ویلایەتێك بڕێکی زۆر لەئازادی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی پێ بڕا، لەفێرکاریو پۆلیسو پۆلیسی هاتوچۆو باجە ناوخۆییەکان، ئەوەی ئەمڕۆ باج دەدات دەبێ دوو باج بدات، یەکێك بۆ ویلایەتەکەو ئەوی دیکەش بۆ یەکێتیەکە، یان باجەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی ناوخۆییو مەرکەزی.

داهێنەرانی ئەم سستەمە لەبەڕێوەبردن دەوڵەتدا بینیان کە دابەشکردنی دەسەڵاتێکی دیکەش لەڕێی فیدرالیەتەوە دەتوانێت بەرپرسیارێتیەکان دابەش بکات لەبری ئەوەی لەنێوەند داینێو ڕێگە بەچارەسەری پێداویستییە ناوخۆییەکان بدات، لەبری ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی نێوەندی دوور بکەن.

فیدرالیەت لەئەڵمانیادا، لەڕۆژگاری بسمارکدا جێبەجێ کرا، کە عەرەب وەك پیاوی ئاسنین دەیناسێتو ولایەتەکانی ئەڵمانیای لەیەکیتیەکی ناچاریدا تێکەڵ کرد، ئەوەش وێنەیەکی شێوێنراوە لەسەر بیسمارکی ئاسنین، چونکە ئەو یەکێتییەی ئەو دایمەزراند پشتی بەشێوازی فیدرالیەت بەستبوو، تیایدا حاکمی ویلایەتەکان لەپێشتر تواناو دەسەڵاتیان زیاتر بوو بەرامبەر وازهێنانیان لەهەندێك ئەرکی بنەڕەتی لەدەوڵەتی فیدراڵیدا.

ڕەنگە داهێنانەکەی دیکە لەمارکسیزمە نەمساوییەکانەوە هاتبێت، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەرنجیان لەگرفتی بونیادنانی میللەتانو جۆربەجۆری نەتەوەیی دەدا. قوتابخانەی نەمساوی بیرۆکەی تیۆری گرنگی داهێنا بۆ بەکارهێنانی فیدرالیەت وەك ئاوازێك بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەتەوەیی لەوڵاتە فرە نەتەوەکاندا، لینین ئەمەی وەرگرتو بەشێوەیەکی سودبەخشانە جێبەجێی کرد، هەرچەندە ستالینیزم وێرانی کرد.

تۆژەران لەسەر ئەوە تەواو بوون کە فیدرالیەت لەمەرجە دیموکراتیەکاندا نەبێت ناتوانێت بەسەرکەوتوویی کار بکات، هەروەك لەهیندستاندا هەیەو سەرکەوتنی فیدرالیەتیش تیایدا بەشێکە،، بەڵام لەعێراقدا، بیرۆکەی فیدرالیەت لەچەپڕەوەکانەوە هات، تا ئەو دەمەی سەرکردەکانی نەتەوەی کورد پەسەندی بکەن.

لەڕێڕەوی خۆسازادان بۆ جێبەجێ کردنی پرەنسیپی فیدرالیەت بۆ چارەسەررکردنی گرفتی نەتەوەیی لەعێراقدا، هێزە لیبراڵە شیعەکان دەستیان دەکرد بەبانگەێشت بۆ گشتگیرکردنی ئەم پرەنسیپە بەسەر هەموو عێراقدا، ئەویش لەلایەن (ئەحمەد چەلەبی)یەوە کە لەڕێی سستمی ولایەتە عوسمانیەکانەوە بیرۆکەکەی خستەڕوو، ویلایەتی بەغداد، ویلایەتی موسڵ، ویلایەتی بەسرە، بەڵام سستمی ئەم ویلایەتانە لەوە ناچێت کە ئەمڕۆ دەخرێتە ڕوو، چونکە ویلایەتی بەغداد لەکاتی عوسمانیدا نەجەفو کەربەلاو کوتو حلەی دەگرتەوە، ئەمانەش ناوچەی شیعە مەزهەبن، بەغداد نەبێت کە تێکەڵە بەرامبەر بەفیدرالیەتی نەتەوەیی کە ڕەهەندێکی مێژوویی جیهانی هەیەو ڕەهەندێکی عێراقی درێژیشی هەیە، فیدرالیەتی بەڕێوەبردن یان لایەنگەری وەك بونەوەرێکی سەیر دەردەکەوێت لەدیدی زۆربەی لایەنە سیاسییە بکەرەکانەوە، بەلایەنی کەمەوە دوو داڕشتنی ئەم فیدرالیەتە هەیە، یەکەمیان تەواو خوارووە، لەبەسرەدا پایتەختی خواروو، چونکە بەسرە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەبەڕێوەبردنی خوارووی عێراقدا گێڕا، لەسعودیەو کوەیتدا، ڕەوتێکی سەربەخۆیی بەسرایش بەهێزەوە دەرکەوت لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ساڵی ١٩٢١ ئەمڕۆ ئەم ڕەوتە لەپشت بێبەش بوونە سەختەکانەوە دیارە، لەخواروو بەگشتی گرفتاری بوو، بێجگە لەوەش کە بەسرە بۆ خۆی خاوەنی بیرەنەوتی سروشتی زۆرە.

ڕەوتێکی دیکەش هەیە بۆ دروست کردنی فیدرالیەتی شیعە مەزهەبی بەگشتی، ئەم دوو ڕەوتەش کێشمەکێشیانە لەسەر ویستەکانی بەسرە بەرامبەر ویستەکانی نەجەف لەسەرکردایەتیدا، هەردووکیان دژ بەتەوژمی نافیدراڵیشن یان تەوژمی مەرکەزی کە هەردوو حیزبی سەدرو فەزیلە نوێنەرایەتی دەکەن، فیدرالیەت کە لەکەموکوڕی بەدەر نیە، چونکە فیدراڵی نەتەوەیی خۆی مینی کێشەکەی دەربارەی ناسنامەی کەرکوک هەڵگرتووە، لەکاتێکدا فیدراڵی لایەنگەری مینی کێشەکەی نێوان تەوژمی مەرکەزیو تەوژمی نامەرکەزی هەڵگرتووە، کێشەی لایەنگەریش لەنێوان شێوازی خوارووی بۆ فیدرالیەتو شێوازی تایەفەگەرییەکەشی.

لەدەرەوەی ئەوانە کێشەیەکی تەواو دەربارەی بەروبومەکان هەیە، بەتایبەتی پترۆڵ کە چاوگەی نەگبەتەکەیە، پێشتر مەرکەز بەسەریدا زاڵ بووە، بەڵام لایەنەکان (پارێزگاکان) هەندێکیان لەدۆخی خراپتر لەبەنگلادیش دەژین، دەستوری ئێستا بەروبومەکان بەرێژەی دانیشتوان دابەش دەکات بەیەکسانی، بەڵام دەستور بەروبومە داهاتوییەکان (نەدۆزراوەکان)ی بەجێهێشتووە، کە ئەمەش بابەتی کێشمەکێشە لەکاتێکدا کە عێراق لەژێر کەرتبوندا لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەناڵێت، دەکرێت دابەشکردن بەروبومی ئابوری بەسەر بێبەشەکاندا هانایەك وەبەر ئەوانە بهێنێتەوە کە لەژێیاندا ماون، ئایا چارەسەر هەیە؟ بەڵێ، بەڵام نابینایی هەموو چینە سیاسیەکانی نوێی داپۆشیوە کە هەندێ سیمای سەیری هەیە، باشترە پشت لەچارەسەرە کەمەکان بەبەسترێت لەبری سیاسەتی هەموو شتێك یان هیچ شتێك، پێویستە تاڵی لەسەرخۆی هەنگاوەکان بەمەبەستی سوککردنی توندوتیژیو بوونیادنان بۆ گشت بێت.

## ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی چوارەم

| ژ | ناوی سیانی | پیشە | دانیشتووی | چەند کەست ئەنفالە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | هەژار یاسین محمد | پۆلیس | سەرقەڵا | ١ |
| ٢- | نیشتمان علی عزیز | ژنی ماڵ | سەرقەڵا | ١ |
| ٣- | خوراسان محمد | کارگوزار | هومر بل | ٧ |
| ٤- | اختر نوری سمین | ژنی ماڵ | هومر بل | ١٥ |
| ٥- | جعفر روستم محمد | جوتیار | هومر بل | ٥ |
| ٦- | هەورامان حسن | پۆلیس | هومر بل | ٢ |
| ٧- | ارسیاو عمر صالح | کاسب | هومر بل | ٧ |
| ٨- | نوات سعید فرج | بێوەژن | هومر بل | ٣ |
| ٩- | ستار محمد سعید | کاسب | هومر بل | ٥ |
| ١٠- | محمد سعید محمد | جوتیار | هومر بل | ٢٣ |
| ١١- | حسن علی فرج | پۆلیس | هومر بل | ٩ |
| ١٢- | متحت غفور صالح | بێکار | هومر بل | ٣ |
| ١٣- | محمد نوری دەروێش | جوتیار | هومر بل | ٦ |
| ١٤- | عدنان حمە أمین | جوتیار | هومر بل | ٧ |
| ١٥- | خاور عبدالقادر رسول | بێوەژن | هومر بل | ٦ |
| ١٦- | روناك محمد ناصر | بێوەژن | هومر بل | ١ |
| ١٧- | داود احمد رشید | پۆلیس | هومر بل | ٨ |
| ١٨- | حسیبە مجید صالح | ژنی ماڵ | هومر بل | ٨ |
| ١٩- | برهان عمر فرج | کاسب | هومر بل | ٨ |
| ٢٠- | لمیعە محمد شریف | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ٢ |
| ٢١- | مهدی محمد حسین | ئاسایش | زینانەی گەورە | ١٣ |
| ٢٢- | شرمین فخرالدین محمد | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ١ |
| ٢٣- | ئایشە فریق جوامێر | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ٣ |
| ٢٤- | صبریە محمد کریم | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ١٤ |
| ٢٥- | جمال سلیمان جمعە | ئەندام کۆمیتە | زینانەی گەورە | ١٧ |
| ٢٦- | حسن حمە أمین | کاسب | زینانەی گەورە | ٤ |
| ٢٧- | نوری حمە أمین | کاسب | زینانەی گەورە | ٤ |
| ٢٨- | حسیبە محمد حسن | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ٧ |
| ٢٩- | لولاو محمد أمین | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ٤ |
| ٣٠- | حبیبە أمین حمەجان | ژنی ماڵ | زینانەی گەورە | ١ |